# ماڵی خۆم دەبەمەوە ئاسمان

کەریم دەشتی

(١)
درەنگە تازە بەم خۆراوابوونە ناگەمەوە جێ
ڕووناکیم بەشی ڕێ ناکات بڕستم لەبەر بڕاوە
ئەوینی تۆ نەبێ
هیچ شتێکم پێ نەماوە

(٢)
ئەوینی تۆم بەسە
بۆ ئەوەی هەزار ساڵ بژیم
ئەوینی تۆم بەسە
بتوانم پێیەوە بچمەوە ئاسمانان
بچمەوە ئەو شوێنە دوورانەی
لەوێوە لەخودا بڕوانم

(٣)
بچمەوە سەر ئەو ڕێیانەی
دەمبەنەوە ئەشکەوتەکان
دەمبەنەوە لای ئەو زێمارانەی
لە گەرووی ئاشقان هەڵدەڕژێن

(٤)
بەڵام ئەفسووس بۆ هەر لایێ سەرهەڵدەگرم
هەمیشە بۆ لای تۆ دێمەوە
تۆ ئابلۆقەی منت داوە

(٥)
تۆ هێزێکی لەئاو
ئاوێ لە ئاسێترین چیا هەڵڕژێ

جوانیت لەو هەڵڕژانەیە
لەنەوەستانی بێ ئامانی سیماتە لەکوشتنم

(٦)
تۆ خەونێکی لە سیحر
سیحرێ کەون ڕاتەکێنێ
جوانی تۆ لەو ئەفسوونەیە

(٧)
تۆ نوورێکی لەخوناو
خوناوێ دنیا غەرقی ڕووناکی کات
جوانی تۆ لەو خوناوەیە

(٨)
دڵی منت چەشنێ داگیر کردووە ئەی نادیار
بۆ هەموو دنیا ئاشکرات کردووم
ئاشکرایی من و نادیاری تۆ
شووشەی دڵیان لە قەفەزی سینە وردوخاش کردووە

(٩)
هێندە سەیری شەوقی هەڵچووی تۆم کردووە
بینایی چاوم کز بووە
هێند لەتۆ ورد بوومەتەوە
شمشاڵی زمانم شکاوە
ئەوەتە با و تەمتوومان بەدنیا دەیگێڕن

(١٠)
ئەوەندە لە تۆ گەورەبووم
وا هەست دەکەم جێم لەزەوی نابێتەوە
بۆیە ئاسمانان تەی دەکەم

(١١)
ئەی عەتر و نوور
نووریٚ لە دەمی خودا هەڵبچیٚ
ئایەتی جوانی تۆی کردۆتە ئایینی من

(١٢)
ئەی ڕێژنەی بارانی بخوور
بخووریٚ بە زمانی کۆتر داگیرسیٚ
شەفەقی جوانی تۆی کردۆتە سرووتی من

(١٣)
ئەی بارانی پەڵەی پاییز
پاییزیٚ تژی نهێنی
جوانی تۆی کردۆتە هەڵۆەرینم

(١٤)
تۆ بەم نادیارییەوە جوانیت
کە لەنادیاری خودا دەکات
ڕۆحی هەلاهەلا کردووم

(١٥)
من جێم لەزەوی نەماوە
هێندە بەرزبوومەتەوە
هەر دەڵێی خوا بۆ لای عەرشەکەی خۆی بردووم

(١٦)
من ئاشکراو تۆ نادیار
ئاشکرایی من شەوقی جوانی تۆیە
نادیاری تۆ کزیی چاوەکانی منە

(١٧)
من ترنج و تۆ نارنج
ترنجی من کەمەندی تۆیە لە ڕۆحم ئالاوە
نارنجی تۆش ڕەنگی زەردی منە لە سینەت چەمیوە

(١٨)
من هاوار و تۆ بێ دەنگی
بێ دەنگی تۆ ڕاکردنە لە بوونم
هاواری من توانەوەیە لە بوونت
کەی دەگەینەوە یەکتری ئاخر کەی؟

(١٩)
ئەو دەمەی تۆ خۆت و باوەشێ بای تووڕە
بەرەو لای من هەڵدەکەی
من ماڵم بردۆتەوە ئاسمان
مەگەر لەوێوە جار جارێ
وەک پەیکێ دوور دوور هاتبێ
ڕێگەی نەهاتی بڕیبێ
ڕۆحم داکشێتە خوارێ
ئەوینم وەک گەڵای پاییز
بەسەر ڕۆحتا
بەسەر تەڵ تەڵ پرچی کاڵتا دابباریێ

(٢٠)
ئەی جوانتر لە پەلکی هەنار
ئەی باوەشێ گیای چیا
ئەی پووشی زەرکفتی خودا